# ئەمریکادۆزیی تێکست

## هەوڵێك بۆ دەرچوون لە ڕەخنەی نەرێکار

**هاوار محەمەد**



٢٨ی ئازاری ٢٠٢٢ گوتار

( ١ )

دوای سی ساڵ زیاتر لە بەکارهێنانی بەرفراوانی وشەی "ڕەخنە" *Critique* لە ئەدەبیاتی نووسینی ئێمەدا، هێشتایش مانای ئەم چەمکە ساکار و *نەخەمڵیو* ماوەتەوە؛ ڕەنگە گرنگترین هۆکار ئەوە بێت کە لە ماوەی ئەو ساڵانەدا ڕەخنە لە کولتووری زارەکیی ئێمەدا بە پرۆسەیەکی درێژی *بەدەنگکردن*دا تێپەڕیووە کە دەرەنجام بەبێ ئەوەی لە کایەی فیکردا بەرەو گەشەکردن و میتۆدیزەبوونی زیاتر بڕوات،

وەزیفەیەکی دەروونی لە قسەی زارەکیدا وەرگرت و وەك پەرچەکردار بەرامبەر بێدەنگکردنێك کە دەسەڵاتی کوردی دەیسەپاند، بوو بە زاراوەیەکی باو لەسەر زمانی خەڵکی ئاسایی، بەم هۆیەوە بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی تێکەڵ بوو بە زمانی کلێشەیی میدیای پۆپۆلیستی و ماناکەی تەواو لە کایەی نووسین، کە بە بڕشتترین زەمینەیەتی، دوور کەوتەوە. ئەم مانا گشتی و ڕەشۆکییەی ڕەخنە پتر لە "گازاندە"، "ڕادەبڕین"، "دەردەدڵ"، "خاڵیبوونەوەی دەروونی" و هی ترەوە نزیکە کە بە گریمانەیی پەیوەندیی بە دۆخی ستەمکاری و ناعەدالەتییەوە هەیە، بەرهەمی پەیوەندییەکانی چەوساندنەوەیە لەنێوان "دەسەڵات/ کۆمەڵگە"، "حاکم/ خەڵك"دا. وەها مانایەك لە دوای ڕاپەڕین لە کایەی ڕۆشنبیرییەوە چووە نێو گوتاری عامییەوە و جۆرێك شکستی ئەو شتە بوو وا پێی دەوترێت "بەخشینی زمان بە چەوسێنراوان".

فەلسەفە دژە-نواندنەوەکان *anti-representation*، لایان وایە نوێنەرایەتیکردن لە هەموو فۆڕمەکانیدا (چ نوێنەرایەتیی خودا بێت لەلایەن کەشیش و مەلایانەوە، یان نوێنەرایەتیی موتڵەق بێت لەلایەن پاشا و حاکمانەوە، نوێنەرایەتیی چینی کرێکار بێت لەلایەن حزبی ئاڤانگاردەوە، نوێنەرایەتیی خەڵك بێت لەلایەن پەرلەمانەوە، نوێنەرایەتیی گەل بێت لەلایەن گوتاری ناسیۆنالیستی یان ڕابەری فاشیستییەوە؛ یاخود بەگشتی نوێنەرایەتی حەقیقەت بێت لەلایەن ئایدیاوە) خۆی بەشێکە لە چەوساندنەوە و هێندەی تر بێدەنگی بەسەر نوێنراواندا دەسەپێنێت. کەواتە ئەرکی فەلسەفە و ڕەخنە ئەوەیە لەبریی دووان لەبریی ئەوانی تر و داڕنینی شەرعییەت بۆ گوتاری خۆیان لە ئازاری چەوسێنراوانەوە، بەشدار بن لە سازکردنی زەمینەی ئەوەی چەوسێنراوان، دوورخراوان، سەرکوتکراوان *خۆیان و بە ناوی خۆیانەوە* بدوێن. تەنانەت فوکۆ هەوڵی بۆ ئەوە دا، نەك تەنیا ئەوانەی کە هۆشیارن و دەتوانن لۆژیکی بدوێن، بدوێن، بەڵکوو شێت و نەخۆش و زیندانییەکانیش بێنە قسە و بە زمان و زاراوەی خۆیان گوتاریان هەبێت؛ بێ ئەوەی ئەمە دووان بێت لەسەر قەرەوێڵەی دەروونشیکار (وەك لادەری سێکسی)، یان لە کلینیکی دکتۆر (وەك نەخۆش)، یان لە بەردەم لێکۆڵەری تاواندا (وەك تاوانبار). دۆلوز ئەو مافە لە پارێزەریش وەردەگرێتەوە کە لەبریی تاوانبار قسە بکات، لەبریی ئەوە ئەرکی پارێزەر لەوەدا کورت دەکاتەوە دەرفەت بۆ ئەوە بڕەخسێنێت دەنگی ئەو کەسەی بە تاوانبار دانراوە، ببیسترێت. لە دوای ڕاپەڕین و دروستبوونی دەسەڵاتی شلۆقی خۆماڵییەوە

دەسەڵاتداران و خەڵك لێکترازان، ئیدی چاڵی دابەشبوونێکی بێپێشینە دەمی کردەوە؛ یەکەمیان بوو بە چەوسێنەر و دووەمیان بە چەوسێنراو (گەرچی پەیوەندییەکە لەم لۆژیکە تاکڕەهەندە ئاڵۆزترە). سەرەتا دەبوو چەوسێنراوان *بێنە دەنگ*، بەڵام نەیاندەزانی بە چ زمانێك خۆیان دەرببڕن. کایەی ڕۆشنبیری، لە ڕێگای ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ و ئەهلییەوە (بەتایبەتی هاوولاتی و ئاوێنە و لڤین لە دەیەی یەکەمی دووهەزاردا)، شێوە زمانێکی پێبەخشین، واتە دەرفەتی ئەوەی بۆ ئاوەڵاکردن وتەی پەرشوبڵاوی گروپە کۆمەڵایەتییەکان کەمێك خۆیان کۆ بکەنەوە و کاریگەرتر بەرانبەر گەندەڵی و ستەم بێنە قسە، بەڵام ئەم زمانە لەلایەك وەك پێویست تۆکمە و بەبڕشت نەبوو، لەلایەکی تر لە ململانێی سیاسیی "پارتی و یەکێتی" و "دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن"دا لە هەموو پۆتێنشیەڵەکانی بەتاڵ کرایەوە. ئەم زمانە ناونرا "زمانی ڕەخنە"، کە هاوکات بوو لەگەڵ گۆڤاری "سەردەمی ڕەخنە"ی دوای گۆڤاری ڕەهەندەدا. مەبەستیش لەم زمانە ڕەخنەگرتن لەو کارخراپییە بوو کە ناو نراوە "حکوومەتی هەرێم". هەر لەم کاتەدا زاراوەی "ڕەخنە" بەرەبەرە دەخزایە نێو کایەی میدیای بینراو و بیستراوی ئۆپۆزسیۆنی پۆپۆلیستییەوە کە گوایە *دەنگی خەڵك*یان دەگەیاند؛ هەمووان بڕوایان بەوە هێنا ڕەخنە ئەوەیە کە*کەموکورتییەکانی* حکوومەت دەربخەیت و *بێ ترس هەموو شتێك بڵێیت*. بەڵام چەندە دەوترا نەدەبیسترا؛ لەو کاتەوە لایەك هەر دەڵێت، تووڕە دەبێت، هاوار دەکات، دەپاڕێتەوە، داوا دەکات و لایەکەی تر هەر نایبیستێ و نایبیستێ.

پاراڵێل بەم زارەکیبوونەوەی ڕەخنە، پرۆسەی *بەنووسینکردنی ڕەخنەی زارەکی*یش دەستی پێ کرد کە تێیدا کایەی نووسین بوو بە ڕەنگدانەوەی کایەی وتن؛ پیت بوو بە پاشکۆی دەنگ. لای دێریدا نووسین لە جەوهەری خۆیدا *جیاوازە* لە دەنگ؛ نووسین نووسینەوەی قسە نییە، بەڵکوو مومارەسەیەکی سەربەخۆی دەربڕینە کە لۆژیك و کەرەستە و مەرجی جودا لە هی قسەی هەیە؛ لەگەڵ ئەم جیاوازییەدا نووسین ***جیادوازی****différance*یشە خۆی کایەی بەرهەمهێنانی جیاوازییشە کە بەردەوام هەر وتنێکی پڕ مەدلول دوا دەخات. کایەی نووسینی ئێمە، دوای ئەوەی بەم پێچە دوو لۆچەی زارەکیبوونەوەدا تێپەڕی، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی سۆسیال میدیا، بووە بە کایەیەکی دەنگەوەر، شوێنی وتن دەکەوێت؛ واتە فۆڕمێکی وەرگرتووە کە هەڵچوون و بێئارامی و دەرپەڕاندنی قسە لە سیفەتە سەرەکییەکانین

و هاوکات مژدەی *حزووری مەدلول* دەدات. لەم بەزارەکیبوونەوەیەدا زەبری هەرە گەورە پێش هەر شتێکی تر بەر خودی ڕەخنە کەوت. ڕەخنە تێیدا، تەنانەت لە کایەی نووسینیشدا، بوو بە "وتن"، بە وتنەوە، بە وتنی بێ هەوانتە. بە جۆرێکی تر بیڵێین: ڕەخنە بوو بە *زۆرووتن*، بە زۆربڵێیی. لەو کاتەوە کەسانێکی دەگمەن هەبوون سەرنجی ئەوە بدەن کە **زۆرووتن لەپێناو وتنی هەموو شتێکدا**، جیاوازە لە **وتنی هەموو شتێك لە کەمووتندا**. لە یەکەمیاندا زمان لە خۆڕا مەسرەف دەکرێت؛ لە دووەمیاندا ئابووریی زمان هەیە. وێڕای ئەمەیش مەرجی ڕەخنە تەنیا نووسین نییە؛ هەروەها زوهدی یەکجارەکیش نییە؛ بە پێچەوانەوە، ڕەخنە لە هیچ بارێکدا خۆی لە وتن بۆ جودا ناکرێتەوە؛ کەواتە ئەمە چ وتنێکە؟ ئەوەیە کە لە چەمکی *پارێزیا*دا لەخۆگیراوە؛ هەمان ئەو چەمکەی میشێل فوکۆ بە وردی کاری لەسەری کردووە.

## ( ٢ )

فوکۆ وانەوتارەکانی ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤ی خۆی لە کۆلێژ دو فرانس تەرخان دەکات بۆ لێکۆڵینەوەی ژینالۆژیی ئەم چەمکە. بە بڕوای ئەو *پارێزیا parrhēsia*، بە گەڕانەوە بۆ ئەسڵە یۆنانییەکەی، واتا ڕاشکاوی و سەراحەت؛ واتە *وتنی هەموو شتێك*، بەبێ شاردنەوەی هیچ بەشێکی ئەو شتەی کە دەوترێت؛ بەڵام ئەمە هەندێك مەرجی هەیە، بنەڕەتیترینیان ئەوەیە کە دەبێت وتن لە دەوری حەقیقەت بسووڕێتەوە؛ وتنی هەموو شتێك لە پەیوەندیدا بە حەقیقەتەوە، بە حەقیقەتێکەوە کە قەسە نەك تەنیا بشاررێتەوە، بەڵکوو قۆرخیش بکرێت. بەم جۆرە وتنی حەقیقەت دەبێتە جۆرێك ڕیسك، ڕیسککردنی کەسی قسەکەر بە ژیانی شەخسی خۆیەوە؛ لێرەوە *پارێزیا* واتە **بوێری بۆ وتنی حەقیقەت** (Foucault: The Politics of Truth, P. 11-13).

بەگوێرەی شیکاریی فوکۆ، *پارێزیا* پەیوەندییەکی جەوهەری بە دیموکراسییەتەوە هەیە کە فەزای قسەکردن دەستەبەر دەکات؛ وەها پەیوەندییەکی جەوهەری بە ئاڵۆزییەکی تەبایی و ناکۆکیدا تێدەپەڕێت: لەلایەك دیموکراسییەت مافی قسەکردن بۆ هەمووان دەرەخسێنێت. لێرەدا مادام هەمووان دەتوانن بە ئازادی بدوێن، کەواتە هیچ مەترسییەك بۆ خودی کەسەکان لە ئارادا نییە، بەڵام دیموکراسییەت دەبێتە

جۆرێك ژاوەژاو. لەلایەكی تر گەر هەمووان قسە بكەن، مەرج نییە هەمووان حەقیقەت بڵێن؛ بە پێچەوانەوە، زۆر هۆكار هەن وا دەكەن قسەكردن ببێت بە ڕیتۆریك، سەفسەتە، دۆگم؛ بەو مانایە تەنیا بەشێك لەوەی دەوترێت لەگەڵ حەقیقەتدا لە پەیوەندیدایە، یاخود تەنیا بەشێكی قسەكەران پەیوەستن بە حەقیقەتەوە. لێرەوە *پارێزیا* مومارەسەیەكی تاڕادەیەك نوخبەیی دەكەوێتەوە و لەگەڵ *دیموكراسییەتێكی پۆپۆلار*دا تەبا نییە؛ تەنیا وتنێك نییە بە شێوەی بەلاغە و سەفسەتە، بەڵكوو وتنی حەقیقەتێكە كە دەبێتە ڕیسك و مەترسی بۆ سوبێكتی قسەكەر؛ گەر وەها مەترسییەك لە گۆڕێدا بێت بەو مانایەیە ئەو فەزایەی حەقیقەتی تێدا دەوترێت دیموكراسی نییە. لێرەدا بە پێچەوانەوانەی لایەنی یەكەمەوە، كە *پارێزیا* ویستی جودابوونەوە بوو لە دیموكراسییەتی قسەكردن بۆ هەمووان، دەبێتە ویستی ڕەخساندنی زەمینەی دیموكراسییەت بۆ وتن، بۆ وتنی حەقیقەت، دژ بەو لایەنەی كە دەیەوێت مافی قسەكردن زەوت بكات؛ *پارێزیا* دەبێتە مومارەسەكی دیموكراتییانەی وتن (Ibid, P. 35-39).

مەرجی ئەم ڕیسكەی وتن لە *پارێزیا*دا (كە تەواوكەری مەرجەكەی سەرەوەیە) ئەوەیە كە *بەربێژ* هەبێت، بیسەر هەبێت. دەكرێت لەم بابەتەدا بیسەر لە دوو كاتیگۆریی سادەدا پۆلێن بكەین: یەكەمیان *ئاڵنگارە*؛ ئەو كەسەی تەحەدا دەكات و بۆ نموونە لە دادگا یان لە فەزایەكی گشتیدا دژە ئەرگومێنت دەخاتە ڕوو، واتە كەسێكە بەردەوام بۆچوون و بەڵگەی قسەكەر دەخاتە ژێر پرسیارەوە تاوەكوو حەقیقەت بۆ ڕوونترین ئاستی سەلماندن بەرز بكاتەوە. بەڵام ئەگەر لێرەدا بەربێژ دەسەڵات یان دەوڵەت بێت و حەقیقەتەكەیش ناكۆك بێت لەگەڵ ئەوەدا كە دەوڵەت دەیخوازێت و دەیخاتە ڕوو، ئەوا *پارێزیا* دەبێتە جۆرێك توندوتیژی دژ بە دامەزراوەكانی دەوڵەت؛ لە بەرانبەردا بە ئەگەری زۆر دەوڵەتیش بە توندوتیژی وەڵام دەداتەوە؛ ئەمەیش ڕیسكە بۆ ژیانی قسەكەر. ئەوەی ڕۆڵی هەیە لەوەی ئەم تەحەدا و ڕیسكەوەك گرەوێك لەپێناو حەقیقەتدا ببینرێت، جۆری دووەمی بیسەرە كە جۆرێك *شاهیدە*. بیسەر شاهیدە لەسەر ئەو ڕیسەكەی كە قسەكەر لەپێناو دەرخستنی حەقیقەتدا بە ژیانی خۆیەوە دەیكات؛ گەر ویستێك بۆ سەركوت و بێدەنگكردن لەلایەن دەوڵەتەوە هەبێت، شاهید ڕەوایەتیی دەزگای پەیوەندیدار دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەم جۆرە شار وەك شاری دیموكراسی هەڵدەوەشێتەوە. بەڵام یۆنانییەكان لەبەر ئەوەی

شانازییەکی گەورەیان بە دامەزراوە دیموکراسییەکانیانەوە دەکرد و پاراستنیان بە ئەرك دەزانی، هەرگیز نەیاندەویست ڕۆڵی *پارێزیا* و بیسەرەکەی وەلا بنێن؛ چونکە ئەمە دەبوو بە مەرگی دامەزراوەکانی خۆیان. ئێستا گەر ئێمە ئەم پەیوەندییەی *پارێزیا* بە دیموکراسییەت و حەقیقەتەوە وەك جۆریك مومارەسەی وتن و بیستن، گۆیا[1] و شاهید، لەبەرچاو بگرین، ئەوا چیتر ڕەخنە بە واتای زۆربڵێی، ژاوەژاو، پرتەوبۆڵە، گازاندە، داواکاری، سەفسەتە نییە؛ بەڵکوو داکۆکیکردنە هەم لە حەقیقەت، هەم لە زەمینەی وتنی حەقیقەت[2]؛ لە بارێکدا کە بە نەووتن حەقیقەت پاشەکشە دەکات، یان دەشاررێتەوە.

( ٣ )

گەر فەزای ڕۆشنبیری کەمێکیش خۆی لە مانا ساکارەکەی ڕەخنە لای خەڵکی ئاسایی جودا کردبێتەوە، هێشتا لە دێرینترین و باوترین تێگەیشتن لە ڕەخنەدا ماوەتەوە، کە بەکارهێنانی ڕەخنەیە وەك "پێوانەسازیی حوکم". ڕەخنە لەم بەکارهێنانەدا بریتییە لە پێوانەی دیاریکردنی چاك و خراپ، بەرز و نزم، هەڵە و ڕاست. ڕەخنە *توانای دەستنیشانکردنی هەڵە*یە لە تێکستێکی تیۆری، ڕێسایەکی ئاکاری، مەرجێکی کۆمەڵایەتیدا، تاوەکوو ئەم "هەڵە"یە لە تێگەیشتنێکی بەرزتر، کامڵتر، ڕەسەنترەوە نەفی بکات. کەواتە نزیکایەتیی وشەی پێودانگ *Criteria* لە وشەی ڕەخنە *Critique*ـەوە ڕێکەوت نییە. وشەی "*krites*"ی یۆنانی کە لە هەردووکیاندا هاوبەشە، بە واتای "حوکم" دێت. *Kriterion* پێودانگ و پێوەرەکانی پێوانەکردنی شتێکە تاوەکوو حوکمێکی لەبارەوە بدرێت. *Critique* حوکمێکە بەپێی پێودانگەکان. کەواتە گەر لە کایەی نووسین و تێکستدا باس لە ڕەخنە بکەین، دەبێت بڵێین ڕەخنە پراکتیزەکردنی ڕستێك پێوەر و بەهایە بەسەر دەقدا بۆ ئەوەی "ڕەوایەتی" و

[1] "گۆیا"=قسەکەر، سوبێکتی گۆکردن. "بیسا" =بیسەر. بینا=بینەر. پێشتر دکتۆر عیرفان مسەفا ئەم زاراوانەی بەم فۆڕمە دارشتووە.

[2] بێگومان ئەو پرسە بێ ئەندازە ئاڵۆزە کە حەقیقەت چییە و کێ دەتوانێت بیڵێت؛ ڕێژەییە یان ڕەها، بەرهەم دێت یان جەوهەرییە، دنیایی یان میتافیزیکییە، مەعریفەیە یان شهود و هتد. ئەم تێمایە بەشێك نییە لە سیاقی گشتی ئەم وتارە، بۆیە لێرەدا پرۆبلەماتیزەی ناکەین.

"دروستی" بەرهەمێك یان بەشەكانی بەرهەمێكی پێ هەڵبسەنگێین و لەسەر بنەمای ئەم هەڵسەنگاندنە حوكمێكی لەبارەوە بدەین.

ئەم تێگەیشتنە، كە لە مێژووی فیكری ڕەخنەییی ڕۆژئاواییدا خۆی بووەتەوە بە بابەتی ڕەخنە و بە بەدگۆڕانی زۆردا تێپەڕیووە، كۆمەڵێك كێشەی تێدا كەشف كراوە، لەوانە: 1) جیاكردنەوەی ڕەخنە و تێكست لە یەكتری و پۆلێنكردنیان لە دوو پێگەی جیاوازدا: ڕەخنە هەمیشە دەسەڵاتێكی بەرزتری لە تێكست هەیە، دەتوانێت لە سەرووی تێكستەوە، قسە بكات. 2) كورتكردنەوەی پرۆسەی بیركردنەوە، چەمكسازی، زمان، ستایل لێڵییەكان لە حوكمدا. 3) زۆربەی ئیمكانە ناوەكی و دەرەكی، واقیعی و ڤێرتوێلییەكانی دەق فەرامۆش دەكات و تەنیا یەك ڕەهەند، یەك مانا، یەك تەفسیری بەسەردا دەسەپێنێت (بۆ نموونە سادەكردنەوەی نیچە لە نازیبووندا). 4) حوكم خۆی هەرگیز نە پەتییە نە پاكژ؛ دەكرێت حوكمی نەریتی، ئایدیۆلۆژی، سیاسی بێت بۆیە یان مەحكومكردنی تێكستە، یانیش پەڵپە بە تێكست لەو دۆخەدا كە ساغكردنەوەی حوكمێك، بە هۆی ناڕوونییەكانی دەقەوە، مەحاڵ بێت. 5) ڕەخنە وەك حوكمدان ناتوانێت گەرەنتیی ئەوە بكات كە نەگۆڕدرێت بۆ بێ ئینسافی و تەعەسوف، چ لەسەر بنەمای كەمتەرخەمی، كەمزانیاری، سەتحیبوونی ڕەخنەگر، یانیش بە فەرامۆشكردنی ئەنقەست، كە لەم بارەدا هەر بە زۆرەملێ حوكم لەسەر تێكست و نووسەر دەدرێت. بۆ نموونە دەكرێت ڕەخنەگرێك ئەوە بسەلمێنێت لە شیعری شێركۆ بێكەسدا سروشتگەراییەكی ناسیۆنالیستی بوونی هەیە، بەڵام كۆمیدی دەكەوێتەوە گەر ستایشی دارستان لای فاشیستەكانی ئەڵمانیا بكەین بە پێوەرێك بۆ زاراوەی دارستان لە شیعری شێركۆدا تاوەكوو حوكمی ئەوە بدەین كە شێركۆ فەرهەنگی خۆی لە زمانی فاشیستەكانەوە داڕشتووە.

جودیت باتلەر لە نووسینێكیدا بە ناوی *ڕەخنە چییە؟ وتارێك دەربارەی فەزیلەتی فوكۆ* ئەوە پیشان دەدات كە فوكۆ سروشتی ڕەخنەی لە "پێوەری حوكمدان" لەسەر تێكستەوە گۆڕی بۆ *ڕەخنە وەك مومارەسە لە ژیاندا*؛ گەر بڕیارە لەم مومارەسەیەدا پێوەرێك هەبێت، ئەوا تەنیا ئەوەیە كە دەتوانین لە كانتەوە هەڵیگۆزین: نە حوكم بكرێیت و نە حوكم بكەیت؛ سوبێكتی ئەوانی تر نەبیت یان ئەوانی تریش نەكەیت بە سوبێكت، بە هەردوو ماناكەی ئەم چەمكە كە "ملكەچی" و "سەرداری بەسەر ئوبێكتدا"یە. لەبریی ئەمە، ڕەخنە بریتییە لە سوبێكتسازیی خودێك كە شەرعییەتی

دەسەڵات بخاتە ژێر پرسیارەوە (Butler: What is Critique? 2011). ئەمە کارکردێکی هەرە پارادۆکسیکاڵی ڕەخنەیە. ڕەخنە ئەوەیە کە توانای ئەوەت پێ بدات بێ بیرکردنەوە دەسەڵات قبوڵ نەکەیت؛ لەوانە دەسەڵاتی نووسەر لەسەر دەق، یان دەسەڵاتی ڕەخنەگر لەسەر تێکست. گەر ڕەخنە وەك دەسەڵات بەسەر دەقدا پراکتیزە بکرێت، کەواتە ڕەخنەیەکی تر هەیە، کە لە خودی ڕەخنەلێگیراوەوە دێت، ئەویش ئەوەیە ملکەچی دەسەڵاتی ڕەخنەگر نەبێت. لە بارێکدا ڕەخنە پێوانە و حوکم بێت بۆ گرتنی ناوەڕۆکی دەق، دەق دەکشێتەوە؛ ئەمە جەوهەری ئەدەبیاتە لای مۆریس بلانشۆ. لەم ڕوانگەیەوە تێکست ڕووبەرێکە بۆ موماسەرەی بەردەوامی ڕەخنە؛ لە سەرووی ڕەخنەوە نییە، ڕەخنەیش لە سەروویەوە نییە، بەڵکوو خۆی فەزای بەرهەمهێنانی ڕەخنەیە؛ سەتحێکی ناونیشانە کە هەرکەس بیەوێت دەستی بەسەردا بگرێت، خۆی دەگۆڕێت بۆ جۆرێك ترانسێندنتاڵ کە بەرەو دەرەوە هەڵدێت. بەم پێیە ئێمە دوو ڕووبەری جیاوازمان نییە: یەکێکیان تێکستێك (سوبێکت/ملکەچی ڕەخنە) و دووەمیان ڕەخنە (سوبێکت بەسەر تێکست/ئوبێکتدا). ئەم دووانە [دەق و ڕەخنە] پێکەوەن، بەو مەرجەی تێکست خۆی *مومارەسەی* ڕەخنە بێت. لێرەدا ڕەخنە دەبێتە کەشفکردنی بەردەوام، کردنەوەی لۆچە ڤێرتوێلییەکان، پێشکەشکردنی دەق وەك شتێك کە بە تەواوەتی و بە یەکجار نابرێتە بەر ڕۆشنایی.

( ٤ )

بۆچی دەق نەبرێتە بەر ڕۆشنایی، لە کاتێکدا ڕۆشنایی هەر لە دێر زەمانەوە مانایەکی پۆزەتیڤی هەبووە: ڕۆشنایی بریتییە لە ڕووناکیی عەقڵ و زانین کە *بەسەر* تاریکی و ساختەدا زاڵ دەبێت. ئاخۆ ئەمە کرۆکی ڕۆشنگەری نییە؟ بەڵێ، بەڵام ئەمە لەلایەك زیاد لە ڕادە سادەکردنەوەیە؛ لە لایەکی تر ڕۆشنگەریی عەقڵانی لەسەر مۆدێلی ڕۆشنگەریی تیۆلۆژی [مەسیح وەك ڕووناکی] دادەڕێژێتەوە کە خودی ڕۆشنگەری لە سەردەمە بەراییەکانی خۆیدا لەگەڵیدا کەوتە ململانێ. کانت هەوڵ دەدات ڕۆشنگەری پتر *دنیایی* بکاتەوە. لە دەقە بەناوبانگەکەیدا *وەڵامدانەوەی پرسیاری ڕۆشنگەریی چییە؟* کانت ڕۆشنگەری وەك **دەرچوون لە پێنەگەیشتوویی** وێنا دەکات. بە لای کانتەوە ڕۆشنگەری واتە *بوێری بۆ بەکارهێنانی عەقڵ لەپێناو*

*دەرچوون لە نەخەمڵیویی زەینیدا*. ئەم نەخەمڵیوییە سروشتکرد نییە، لەبەر ئەوە نییە کەسانێك، خەڵکانێك یان هەندێ لە کۆمەڵگاکان نوقسانی لە عەقڵیاندا هەیە، پتر بە هۆی ئەوەیە کە بوێرییان نییە بۆ بەکارهێنانی ڕۆشنایی عەقڵ لە بەرانبەر ئەو هێزانەدا کە فەرمان بە گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی ئەوانی تر دەکەن (Kannt: Beantwortung der Frage; Was istAufklärung, P. 5)؛ کەواتە لای کانت کاڵفامی *Unmündigkeit* بەرەنجامی نەوێری *Unmütigkeit*ـی فامکردنە؛ چ وەك تاکەکەس بۆ نموونە گوێڕایەڵی سەرباز، نەخۆش، فەرمانبەر؛ یان گوێڕایەڵی کۆمەڵگایەك بۆ پیاوی ئایینی، ئەمیر، سەرۆك. بەم پێیە لە دوولایەنەوە بەکارهێنانی عەقڵ زەرووره: ڕۆشنگەریی تاکەکەسی، واتە بەکارهێنانی عەقڵ بە شێوەی خودی لە هەڵوێستێکی دیاریکراوی کار یان ئەرکدا. ڕۆشنگەریی گشتی لە کۆنتێکستێکی گەردوونیدا. لە هەردوو بارەکەیشدا *ڕۆشنگەری ڕووبەڕووبوونەوەی کاڵفامییە*.

فوکۆ دەقەکەی کانت دەکات بە بنچینەی وتارە ناودارەکەی کۆتاییەکانی تەمەنی: *ڕۆشنگەری چییە؟* و بە زوویی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەی کاڵفامی پێش هەموو شتێك لە خودەوە دەست پێ دەکات (Foucault: Ethics, P. 306). مرۆڤ بۆ ئەوەی دژ بە بەربەستەکانی بەردەم ڕۆشنایی عەقڵ بوەستێتەوە، پێویستە سەرەتا ئەو بەربەستانە لە زەینی خۆیدا، کە وەك ئوبێکت کەوتوونەتە نێوان عەقڵی و جیهان، هەڵبگرێت، بۆ ئەمەیش پێویست دەکات ڕۆشنایی عەقڵ پێش هەموو شتێك ئاراستەی خۆی بکات. بەم جۆرە یەکەمین هەنگاوی پرۆسەی ڕۆشنگەری بریتییە لە *خۆ-ڕەخنەکردن* بۆ ئەوەی بیرکردنەوە لە ئاستی کەسیدا پێ بگات و بەرەو ئاستە گەردوونییەکەی، کە ڕۆشنگەریی گشتی-جیهانییە، هەڵبکشێت. لەم کردەیەدا ئیرادە پەیڕەوی لە هیچ فەرمانێك ناکات لە فەرمانی عەقڵ نەبێت، ڕەوایەتیی هیچ هێزێك لە سەروو ڕەوایەتیی خودی عەقڵەوە پەسەند ناکات؛ واتە مرۆڤ گوێڕایەڵی عەقڵ دەبێت. فوکۆ لە وتارەکەیدا دەرکی بەم پەیوەندییەی نێوان ڕۆشنگەری و ڕەخنە کردووە، بۆیە دەنووسێت: «لە هەموو بارێکدا پرسیارەکە ئەوەیە کە بزانین چۆن بەکارهێنانی عەقڵ دەشێت ئەو فۆڕمە گشتییەی کە خوازیارییەتی، وەربگرێت؛ ئەوەی بزانین چۆن گوێڕایەڵی لە مەعریفە دەشێت لە سنووری ڕۆشنکردنەوەدا مومارەسە بکرێت. [...] پێم وایە پێویستە جەخت لەسەر

ئەو پەیوەندییە بکەینەوە کە لەنێوان ئەم دەقە کورتە و هەر سێ ڕەخنەکەدا هەیە. لە ڕاستیدا کانت، لە ساتێکدا وەسفی ڕۆشنگەری دەکات کە مرۆڤایەتی لەوەدایە عەقڵی خۆی بخاتەگەڕ بەبێ ئەوەی خۆی ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی تر بکات. ڕێك لەم ساتەدایە کە ڕەخنە پێویستە، چونکە ڕۆڵەکەی ئەوەیە ئەو هەلومەرجانە پێناسە بکات کە تێیاندا بەکارهێنانی ڕەوای عەقڵ لەوەدایە ئەوە دیاری بکات کە دەشێت چی بزانرێت، دەشێت چی بکرێت، دەشێت هیوامان بە چی هەبێت. بەکارهێنانی ناڕەوای عەقڵ ئەوەیە کە دەبێتە مایەی دۆگماتیزم و ناسەربەخۆیی، تەنیا لەگەڵ وەهمدا» .(Foucault, P. 308)

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ یەکەمین ڕستەی ئەم وتارە: «ڕەخنە لە فەزای ئێمەدا نەخەملیو ماوەتەوە». بێگومان ئەمە جۆرێك حوکمە؛ بەڵام حوکمێکی زۆرەملێ نییە و دەکرێت بیسەلمێنین؛ نەخەملیو واتە بەربەست لەبەردەم بەکارهێنانی عەقڵدا هەبووە وەك مەرجەعی ڕەخنەکردن بە واتا کانتییەکەی. لەو بەربەستانە: ناسەربەخۆییی تاکی عەقڵانی (ڕوانین لە دۆگمەکانەوە)، کەمی مەعریفەی فەلسەفی، ڕەخنەی نا-ناونشین (بۆ نموونە گەر کەسێك بە هیچ داوێکی شایەنی باسەوە بە دنیای ڕۆمانەوە نەبەسترابێت، بەڵام ڕەخنەی ئەوە لە ڕۆماننووسێك بگرێت کە بۆچی کارەکتەرەکەی لە بەرزاییەوە دەکەوێتە خوارێ و نامرێت، ئەوا ئەمە دەبێتە پەڵپ نەك ڕەخنە.)، پشتبەستن بە ڕای سەتحی تاکەکەسی بە ناوی جیاوازییەوە، مومارەسەی ڕەخنە لە ناکۆکیی کەسیدا (وەك ئامرازی لێدان لە نووسەری ڕەخنەلێگیراو و بەرهەمەکەی)، ڕەخنەگرتن وەك بەتاڵبوونەوەی دەروونیی (کینە و ئیرەیی). هەر یەك لەم ڕەخنانە گوێڕایەڵی هێزێکی تر بوون جگە لە هێزی بیرکردنەوە؛ تەنانەت گەر لە ڕووی کەسیشەوە ڕەخنەگرانی لەم جۆرە توانای بیرکردنەوەی زرنگانەیان هەبێت، هێشتا ناتوانین بڵێین ئەوان ڕەخنەگرن، چونکە بیرکردنەوەیان ملکەچی غەریزە و دۆگمەکانی خۆیان کردووە؛ یان هیچ نەبێ پەردەیەکیان خستووەتە نێوان بیرکردنەوە و بابەتەکەیانەوە. بە زۆری لە فەزای ئێمەدا ڕەخنە مانای غەریزەنووسی وەرگرتووە؛ سەرجەمی ئەمانە بە چەمکی کانت واتای کاڵفامین؛ ڕاشکاوتر بڵێین بە مانایەك دژە-ڕۆشنگەریین: نەبوونی بوێری بۆ زاڵبوون بەسەر بەربەستەکانی بەردەم بیرکردنەوەدا. گەر لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی ڕۆشنگەری لە کۆمەڵگەی خۆماندا دیاری بکەین، ئەوا دەبێت ئاراستەی خودی

ڕەخنەی بکەین: ڕۆشنگەری واتە دەرچوون لە *نەخەمڵیویی ڕەخنە* و لە *ڕەخنەی نەخەمڵیو*؛ ئەمەیش دەبێتە جەوهەری زەروورییی خودی ڕەخنە بۆ ئێمە. ڕەخنە بریتییە لە ڕەخنەی ڕەخنە، بریتییە لە ڕەخنەی ڕۆشنگەرانەی ڕەخنەی نەخەمڵیو.

( ٥ )

بێگومان لە فەزای ئێمەیشدا هەندێك تێکست دەهێنرێتە بە ڕۆشنایی، بەڵام چ ڕۆشناییەك؟ ئەوە وەك بەڵگەنەویستێك وایە کە ئێمە یەك جۆر ڕۆشناییمان نییە؛ کەواتە هەموو ڕووناکییەك ڕۆشنگەرانە نییە. پێشتر ئاماژەمان بە جیاوازی نێوان "نور"ی ئایینی و "ڕۆشنایی"ی عەقڵ دا. دەتوانین جۆری دیکەیش دیاری بکەین: ڕۆشنایی هەتاو کە بە بڕوای ئەفلاتوون تەنیا نوسخەیەکی شێواوی ڕۆشنایی جیهانی ئایدیاکانە. ڕۆشنایی چاوی سەر کە پێی دەوترێت سۆما. بەردەوامیش سۆمایەکی تر هەبووە کە سۆمای چاوی سەری نەسخ کردووە: عیرفان یان چاوی دڵ. ڕۆشنایی تەکنیکی کە ئەلەتریك دابینی دەکات. هەروەها دنیای دیجیتاڵی کە لە سەردەمی ئێستاماندا لە ڕۆشنایی ڕۆشنگەری دابڕاوە و بووە بە "شەوارەکەوتن". ڕۆشنایی سینەما کە ڕۆشناییە دەربارەی خودی ڕۆشنایی لەسەر پەردە؛ دواجار ڕۆشناییەکی شانۆییشمان هەیە کە ڕۆشنایی خستنەسەر پشتی پەردەیە.

لە فەزای نووسینی ئێمەدا ڕووناکی خراوەتە سەر دەق لەپێناو یەك ئامانجدا: **زەقکردنەوەی کەم و کورتییەکانی دەق، ئاشکراکردنی هەڵەکانی نووسەر**. ئەرکی ڕەخنە لەبریی ئەوەی ببێتە بەکارهێنانی ڕۆشنایی عەقڵ بۆ دەرچوون لە پێنەگەیشتوویی، پێش هەموو شتێکیش لە پێنەگەیشتوویی خودی ڕەخنە کە خۆ-ڕەخنەکردن پێشمەجی پێگەیشتنییەتی؛ تەنیا بووە بە جۆرێك پەردەهەڵماڵین لەڕووی کەمتەرخەمییەك، تەپڵکوتان بۆ سەهوویەك، فەزحی فەزاحەتێك. گەر دەقی ئێمە نەخەمڵیوو بێت، ئەوا ڕەخنەکەیشمان هیچ کات هاوکار و یارمەتیدەر نەبووە بۆ دەرچوون لە نەخەمڵیوی کە مانای پێرفێکتی ڕۆشنگەرییە لای کانت، بە پێچەوانەوە، ویستی ڕاگرتنی ئەبەدیی تێکست بووە لە هەژارییەکەی خۆیدا. نەخەمڵیوی تێکست وەك فەزاحەت مامەڵەی لەگەڵدا کراوە؛ لێرەدا ڕەخنەگرتن وەرگەڕاوە بۆ سەرزەنشت، تەریقکردنەوە، چاوشکاندن. ڕەخنەگرتن لە کەموکورتیی نووسەر بۆ

ئاستێکی پەرگیرتر ڕاکێشراوە، سنوورێك کە کەموکورتی وەرگەڕاوە بۆ هەڵە؛ هەڵەیش بۆ ئاستێکی پەرگیرتر ڕاکێشراوە کە وەرگەڕاوە بۆ فەزاحەت؛ لە دەرەنجامدا ڕەخنە لای ئێمە بووە بە*سکاندالناسی*. لە کاتی کارکردنم بۆ وتارێك لەسەر پرسی پەردە وەك ئوبێکتی داپۆشین-دەرخستن (شانۆ) و پەردە وەك گەمەی هاوکاتی حزوور-غیاب (سینەما) چەمکی "سکاندالناسی"م داڕشت. مەبەستیشم لێی ئەو کارکردە پارادۆکسیکاڵە بوو کە دادانەوەی پەردە و لادانی پەردە، پێش و پشتی ستەیج هەیانە و لە شانۆی ئۆدیپیدا پتر ئەو شتە پێکدێنن کە دەکرێت بە*دیالەکتیکی فەزاحەت* ناوی ببەین؛ لە کاتێکدا پەردە لە سینەمادا دوالیزمی داپۆشین-دەرکەوتن تێدەپەڕێنێت. لە سینەمادا هیچ شتێك نییە بۆ شاردنەوە، هەموو شتەکان لە پەیوەندییەکی دەرەکیدان، لە پێشی پەردەدان، چیتر هیچ شتێك لە پشتی پەردەوە بوونی نییە، هەر بەو جۆرەی کە دۆلوز دەڵێت لە پشتی ماسکەکانەوە هیچ ڕووخسارێك، هیچ نهێنییەك بوونی نییە (دلوز: المعرفة و السلطة، ص62)؛ ئەوەی هەیە گەمەی خودی پەردە و ڕۆشناییە؛ خیانەتی سیمولاکراکانە کە چەمکی فەزاحەت ناتوانێت تەفسیریان بکات[3].

گەر ڕەخنە بریتیی بێت لە**دەرخستنی کەموکوڕی**، کەواتە ڕۆشناییەکی بەرزتر، حەقیقیتر، کامڵتر دەخرێتە سەر دەق تاوەکوو لەژێر نوورەکەیدا دزێوی و نوقسانییەکان ڕووناك ببنەوە و هەر کەسێکی هۆشمەند بیانبینێت. لای کانت ئەمە لە ڕاقیترین حاڵەتیدا ڕۆشنایی عەقڵە. بەڵام وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە ئەو ڕۆشناییەی کە زۆربەی ڕەخنەگرانی ئێمە هەڵیان کردووە ڕۆشنایی شانۆی ئۆدیپییە. لێرەدا ڕەخنە وەك ڕۆشنایی خستنەسەر لە واتا سکاندالناسییەکەیدا، بریتییە لە ژێستی دەرخستنی نهێنی، پەردەهەڵماڵین لە ڕووی ڕاستەقینەی تێکستێك یان نووسەرەکەی: *کەشفکردنی دەستی نووسەر*. گوزارەی "دەستەکەت کەشف بوو" واتا بە سایەی ڕەخنەوە نهێنییەکەت دەرکەوت، پشتی پەردە ئاشکرا بوو، ژێر بەڕە خرایە سەر بەڕە. لە عەقڵی سکاندالناسیدا باشترین ڕەخنە ئەوەیە کە ئابڕووی تێکست یان دانەرەکەی ببات.

---

[3] وتارە گرنگەکەی دۆلۆز "ئەفلاتوون و زرەوێنە"مان کردووە بە کوردی و ماوەی ساڵێك زیاترە سپاردوومانە بە هاوڕێیانی گۆڤاری "لۆگۆس"؛ لامواية هێشتایش ژمارەی نوێی گۆڤارەکە بۆ بڵاوبوونەوە ئامادە نەکراوە.

له کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەم جۆرە بەکارهێنانەی ڕەخنە نەك تەنیا کۆنزەرڤەتیڤانە دەکەوێتەوە، بەڵکوو میللی و عەوامانەیشە، چونکە زەینی سکانداڵناسی لە هەر کایەیەکدا بەرهەمهێنانەوەی مێنتاڵێتیی کایەی نەریتیی کۆمەڵایەتییە. بێگومان ئەوەی دراوسێیەکی حەسوود لە کۆڵانێکدا چاودێریی کەموکوڕیی دراوسێیەکەی بکات، جیاوازە لەوەی نووسەرێکی وردبین چاودێریی کەموکوڕیی تێکستی نووسەرێکی تر بکات؛ بەڵام کاتێك ڕەخنە ببێت بە دیالەکتیکی فەزاحەت، چیتر جیاوازییەکە لە جەوهەری کردەکەدا نییە، بەڵکوو لە کایەکاندایە. ئەم کایانە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە یەکتری جیاوازن و هاوکات هەندێ کەرەستەی تایبەت و هەندێ کارەکتەری سەرەکیی خۆیان هەیە، گەرچی لە یەکتریش دابڕاو نین؛ کایەکان بەردەوام لەیەك دەخشێن، دەچنە نێو یەکتری، یەکتری بەرهەم دەهێننەوە و یەکتری تێدەپەڕێنن و زەبر لە یەکتری دەدەن. بۆ نموونە "ستۆدیۆی میوزیك" و "دیوەخان" سەر بە دوو کایەی جیاوازن، بەڵام جۆرێك گۆرانی و موزیك هەیە کە یان لە ڕووی ئەسڵەوە بەرهەمی دیوەخانە، یان ئەگەر نوێیش بێت باشتر لەگەڵ دیوەخاندا دەگونجێت. بە هەمان شێوە، "کۆڵان" کە بورجی موراقەبەی دراوسێ حەسوودەکەمانە، ڕووبەرێکی کۆمەڵایەتیی ڕۆژانەییە کە زۆرینەی کۆمەڵگا تێیدا هاوبەشن، بەڵام نووسین، ڕووپەڕی کتێب و سایتە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکان، کایەیەکی ڕۆشنبیریی نیمچە نوخبەیین. لەگەڵ ئەوەیشدا دەکرێت هەندێ لە کارەکتەرەکانی هەردوو کایەکە دەست بە هەمان نەریت، بەها، زاراوەوە بگرن، بۆ نموونە "پاراستنی بەها کۆنەکان" **لە فەزای کۆمەڵایەتیدا** واتە کۆنزەرڤاتیڤیزم؛ بەڵام گەر زانایەکیش لە بواری زانستدا داوای "پاراستنی بەها کۆنەکان" بکات، ئەوا بێگومان ئەویش **لە بواری زانستدا** دەبێتە زانایەکی کۆنزەرڤاتیڤ. پرسی سکانداڵیش هەر بەو جۆرەیە؛ لێرەدا بونیادی کردەکە هەمان داڕێژەری پاڵنەری دەرخستنی "شەرم" و "عەیبوعار"ە، بەڵام لە دوو کایەی جیاوازدا. وەختێك کردەکان بەم جۆرە بچنە سەر یەکتری و یەکتری لە کایە جیاوازەکاندا دووبارە بکەنەوە، ئەوا پەیوەندییەکەیان دەبێتە "تەبایی"، کاتێك، بە پێچەوانەوە، بەریەکتر بکەون، پەیوەندییەکەیان دەبێتە "ناکۆکی". بە زۆری ئەم تەبایی و ناکۆکییە لە "گوتاری فەرمی"دا دەرناکەون؛ گوتاری فەرمی واتە ئەو بەها و پرەنسیپ و ئامانجانەی کە گوتارەکان ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بانگەشەیان بۆ دەکەن؛ بەڵکوو لە پەیوەندییە تۆڕبەندییە ستراتیژییە وردەکاندان کە ئەگەر لە "بانگەشە"کاندا بۆیان بگەڕێین، هەرگیز ناتوانین وەك

خۆیان بیانبینین. لەبەر ئەوەیە زۆرجار نووسەرێك یان ڕۆشنبیرێك لە ئاستی فۆرماڵدا خۆی تاڕادەی پڕوکان تاو دەدات تاوەکوو بیسەلێمنێت کە ئەو پێشکەوتنخوازە، بەڵام تێگەیشتنی ناوەکیی ئەو بۆ "پێشکەوتنخوازی" و میتۆدی کارکردنەکەی، دەشێت تاڕادەیەکی زۆر نەریتی و فەندەمێنتاڵ بێت. خستنەگەڕی ڕەخنە وەك *چەك*ی فەزح و دەرخستنی *عەیبوعار* بەو مانایەیە فیکر هێشتا لە کایەی کۆمەڵایەتیی [زارەکی] دانەبڕاوە، بگرە لای خۆیەوە درێژەی پێ دەدات.

( ٦ )

هەموو ئەو جۆرە ڕەخنانەی تا ئێستا باسمان کردن، ڕوانینن لە "سلب" و ڕوانینن لە "سلب"ـەوە. لەنێوان ئەم دوو گوزارەیەدا جیاوازییەکی کەم هەیە: ڕوانین لە نێگەتیڤ، واتە ڕوانین لە کەموکورتی، نەخەملێوی، فەزاحەتی تێکست (یان نووسەر). ڕەخنەگر بە وردی بۆ شتێك دەگەڕێت کە لە تێکستدا نییە، بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە لە تێکستدا نییە: گەڕان بۆ خودی نەقس. ئەو شتەی کە نەقسە واتە *هەبوون*ی شەرم بۆ تێکست. بەڵام ئەم ڕوانینە زۆرکات لە فەزای ئێمەدا ژێر بەژێر خزاوە بۆ نێو "ڕوانین لە نێگەتیڤەوە"، بۆ ڕوانینێك کە خۆی بەرهەمی سەرچاوەیەکی نێگەتیڤە. لەم بارەدا ڕەخنەگر تەنیا ئەوە دەرناخات کە نەقسە، بەڵکوو ئەوەیش ڕەت دەکاتەوە کە هەیە. ڕەخنەگر بە چاویلکەیەکی سلبییەوە دەڕوانێت؛ ئەگەر دەق نەخەملێ بێت، هاوکاریی دەق ناکات بۆ دەرچوون لە نەخەملێوی، ئەگەر دەق تاڕادەیەکی وا خەملێ بێت کە بشێت وەك دەقێکی شایەنی خوێندنەوە لەبەرچاو بگیررێت، ڕەخنەگری سالب ناتوانێت وەك دەقێکی (نیمچە)خەملێو ببینێت. ئەم دوو ڕوانینەیەك ئەسڵیان هەیە و یەکتریش بەرهەم دەهێننەوە؛ هەردووکیان یەك ڕەخنەن کە دەتوانین بە *ڕەخنەی نەرێکار* *Negation critique* ناوی ببەین.

ڕەنگە چەمکی "نەرێکردن" *negation* بمانخاتەوە بیری میراتی هیگڵی کە ڕەخنە وەك پرۆسەیەکی دیالەکتیکی وێنا دەکات. بەم پێیە *ڕەخنە ئەوەیە کە شتێك نەفی دەکات بۆ ئەوەی ئیمکانی شتێکی باشتر دەربکەوێت*. تێکست تێزە، ڕەخنە ئەنتی تێزە، لەنێوان ئەم دووانەدا دەبێت بە حەتمی لێکدژی هەبێت بۆ ئەوەی تێکستێکی تر لەولای هەردووکیانەوە دەربکەوێت کە لە مێژوودا بە هۆی ئەم لێکخشانە دیالەکتیکییەوە

دەچێتە پێشتر. ئیدی جووڵەی سەرجەمی مێژوو و گەردوون تەنیا نەفییە. ڕەخنە لای مارکسیش لە جەوهەری خۆیدا نەفییە؛ پرۆلیتاریا هێزی ڕەخنەییە کە بۆرژوازییەت نەفی دەکات. بەڵام کێشەکە ئەوەیە ڕەخنەی نەرێکار، بەو جۆرەی کە نووسینی ئێمەی داپۆشیوە، تەواو سەر بەم میراتە نییە؛ *لەخۆیدا* هیگڵییە، بەڵام *بۆ خۆی* هیگڵی نییە.

لەخۆیدا هیگڵییە، چونکە تەنیا دەربڕی قۆناغێکی زۆر دیاریکراوی ئاگاییە کە هیگڵ بە*ئاگایی غەمگین Unhappy Consciousness* ناوی دەبات. لە *ئاگایی غەمگین*دا خودئاگایی سەرەتا هێندە هەست بەو تەنیایی و بێتوانابییە قووڵەی ناو خۆی دەکات تاوەکوو لە خۆیدا شەق دەبات و دەبێتە دووپارچە. ئەم دوو کەرتبوونەی ئاگایی لەخۆنامۆبوونە، چونکە دوو ئاگایی لێکدژن لەنێو یەك خودئاگاییدا کە یەکتری ناناسنەوە و مرۆڤ لە نێوانیاندا دەکەوێتە جۆلانێ تاوەکوو دواجار یەکێکیان جودا دەبێتەوە و لە دەرەوە فۆڕمی لێکدژ وەردەگرێت (Hegel, Spirit of Mind, P. 127). ڕەخنەی نەرێکاری ئێمە دوایین لەمسەی قۆناغە دیالەکتیکییەکەی ون کردووە و هەر لە غەمگینیی خۆیدا ماوەتەوە. لە خۆی نامۆ بووە، بەڵام لە خۆی جودا نەبووەتەوە؛ واتە ئاگاییەکی غەمگینی تێنەپەڕە؛ لەبەر ئەوە لە ناوەوە جۆرێك نەخۆشیی تووش بووە کە وای لێ کردووە توندوتیژ و پەلاماردەر بێت؛ بەم جۆرە لە ئاگاییی غەمگینەوە بووە بە *ئاگاییی بیمار Rogue Consciousness*. لەلایەکی تر، ئەم ئاگاییە بۆ خۆی هیگڵی نییە، چونکە جگە لە هەندێ هەوڵی باش و هاوسەنگانە لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوودا، بەشی زۆری ئەم جۆرە ڕەخنەیە لەوە هەژارترە هۆشیارانە، لە سەرچاوەی تیۆرییەوە بڕوانێت و تیۆریزەی فیکریی هیگڵ و مارکس بۆ هەندێ کێشەی ئەم سەردەمە، بە گوێرەی ئەو میتۆدە جیاوازانە بکات کە پەیوەندییان پێیانەوە هەیە، تەنانەت ئەگەر هەوڵی لەم جۆرەیش هەبێت یان فەندەمێنتاڵ و تەقلیدین، یان هێندە ساکارن کە تەنیا زیان بە فیکری هیگڵ و مارکس دەگەیەنن؛ ئەمەیش جۆرێك هەژارییە کە دەکرێت ناوی بنێین *ئاگاییی نەدار Poor Consciousness*.

دواجار ئەم ئاگاییە غەمگینەی کە بووە بە ئاگاییی بیمار و ئاگاییی نەدار، هیچ شتێکی تر شك نابات "ڕەتکردنەوە" نەبێت؛ لەبەر ئەوە نەفی فۆڕمێکی کۆمید وەرگرتووە، بۆتە "نەفی لەپێناو نەفی"دا، واتە نەفییەك کە هەموو شتێك نەفی دەکات بێ ئەوەی

دواجار، جگە لە خودی ڕەخنە، هیچ شتێك بە شێوەیەکی ڕاستەقینە نەفی بکات و لە وتارێکی تردا ناومان ناوە "نەفیی بەتاڵ". نەفیی بەتاڵ لە جەوهەردا نەرێکردنێکی بۆشە کە دەیەوێت تەنیا بە نەفیکردن خۆی پڕ بکاتەوە؛ ڕەت دەکاتەوە چونکە جگە لە ڕەتکردنەوە ناتوانێت هیچ مامەڵەیەکی تر لەگەڵ دەقدا بکات؛ لە کاتێکدا ڕەخنەی داهێنەرانە ئەوەیە کە لە بیابان مێرگ بئافرێنێت. دەتوانین کەمێك وتەکەی هۆبز "لە دۆخی سروشتیدا هەمووان گورگی هەمووانن" دەستکاری بکەین و بیگۆڕین بۆ "لە دۆخی ئێمەدا هەمووان نافیی هەمووانن". تەنیا لە یەك کاتدا ئەم نەفییە هەڵدەپەسێردرێت؛ کاتێك کە "موجامەلە" *Compliment* هەبێت. موجامەلە دۆخی ئاشتییەکی کاتییە کە نەفی بۆ ماوەیەك کپ دەکات؛ لەم بارەیشدا دەق وەك دەق ناخوێنرێتەوە بەڵکوو *ستایش* دەکرێت. لە نەفیدا هەمووان یەکتری بە لیبراڵ، مارکسیست، ئیسلامیست، پۆستمۆدێرن، فاشیست و بگرە بەعسییش تۆمەتبار دەکەن؛ لە موجامەلەدا هەمان نووسەری لیبراڵ بەلایەوە ئاساییە ستایشی نووسەرە مارکسییەکە بکات؛ ئاساییە دژە نیچەییەك ستایشی نووسەرێك بکات کە نیچە و هایدیگەر سەرچاوەی بن، بە مەرجێك هەردووکیان بۆ نەفیکردنی لایەنی سێیەم هاوڕا و تەبابن.

بێگومان ستایش، هەر وەك نەفی، بەشێکی ڕەخنەیە و لە نووسیندا سەرکوت ناکرێت، بەڵام بە مەرجێك ستایش بچێتە خزمەتی خودی تێکستەوە؛ *تێکستێك بەبێ ناو*. فوکۆ لە چاوپێکەوتنێکدا بێزاری خۆی لەوە دەردەبڕێت، خوێنەر یان ڕەخنەگر بە خاتری ناوبانگی نووسەر دەست بۆ دەقەکەی ببات؛ بە پێچەوانەوە ئەو دەیویست کتێبێك بنووسێت تەنیا بە ناونیشانی خۆیەوە، بەبێ ناوی نووسەر تاوەکو تەنیا خودی تێکست لە بەردەم خوێنەردا بمێنێتەوە. فوکۆ چەند هەوڵێکی چکۆلەی دا، لەوانە: لەنێوان ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٤دا ڕۆژنامەی *لۆمۆندی* فەرەنسی، هەفتانە چاوپێکەوتنێکان لەگەڵ یەکێك لە کاریگەرترین ڕۆشنبیرانی هاوچەرخی ئەورووپادا بڵاو دەکرەوە؛ لە ٦-٧ی نیسانی ١٩٨٠دا، چاوپێکەوتنێك بڵاو کرایەوە بەبێ ئەوەی ناوی هیچ کەسێکی لەسەر بێت. لەبریی ناوی نووسەر تەنیا چاڵێك هەبوو، جێ-نیشانەیەك بۆ غیابی کەسی دیمانەکراو. فوکۆ داوای کردبوو بە نەناسراوی بمێنێتەوە تاوەکوو حزووری نووسەر خوێنەر ڕانەکێشێت، لەبریی ئەوە وا لە خوێنەر بکات، لە غیابی نووسەردا، ئاوڕ لە خودی دەق بداتەوە؛ لەبەر ئەوە بابەتەکە بە "گفتوگۆ

لەگەڵ فەیلەسووفە دەمامکدارەکە"دا ناسرا. ستایشی دەق تەنیا دەشێت لە غیابی نووسەردا ڕاستەقینە بێت. تەنانەت ئەگەر نووسەر بەناوبانگ و شوهرەتیش بێت، دەبێت ڕەخنەگر توانای ئەوەی هەبێت لە دەق دایبماڵێت و دوای دەق بۆی بگەڕێتەوە. بەم جۆرە ستایشی نووسەر دەبێتە موجامەلە گەر بەشێك لە ستایشی دەق نەبێت؛ دەقێك کە شایەنی ستایشە؛ ستایشێك کە لەپێناو *ئەرێکردن* affirmationـدایە.

( ٧ )

بەر لەوەی شتێك لەسەر ڕەخنەی ئەرێکار بڵێین، پێویستە وەك زەمینەسازی لە چەند خاڵێکدا سکێچێکی بۆ بکێشین:

1) ڕەخنە چییە؟ فوکۆ ناونیشانی وانەوتارێکی خۆی دەربارەی ڕەخنە هەر بەم جۆرە دارشتووە؛ بەڵام وەك لە سەرەتای وانەکەیدا ئاماژەی پێ دەدات، لەبەر ئەوەیە کە هیچ ناوێکی بۆ بابەتەکەی نەبووە، واتە بە دڕۆدۆنگییەکی زۆرەوە ئەم پرسیارە دەکات بە ناونیشان کە تەنیا یەك پرسیاری سادە و باویشە. کەواتە بۆچی فوکۆ بەرامبەر بەم پرسیارە سادەیە هێندە دوودڵ و نیگەرانە؟ لەبەر ئەوەی لە وانەوتارەکەیدا ڕەخنەیەك پیشان دەدات کە لە خودی ڕەخنە لا دەدات، ڕەخنە بۆ شوێنێك پاڵ پێوە دەنێت کە پێشتر لە ڕووی تیۆرییەوە بۆ ئەو شوێنە پاڵ پێوەنەنراوە، واتە ڕەخنە دەباتە ڕووبەری نا-ڕەخنەوە، ئەویش ڕەخنەیە وەك مومارەسەی کردەیی ژیان، وەك بوونی ئەخلاقیی مرۆڤێك کە بەتەنگی خۆوەیە: *ڕەخنە وەك فەزیلەت* (Foucault: The politics of Truth, P. 26). خاڵە گرنگەکە ئەوەیە کە لێرەدا ڕەخنە ڕوو لە خودی مرۆڤ دەکات؛ ئەمەیش تەنیا خۆ-ڕەخنەکردن نییە، ڕوولەخۆکردنیشە، یان بە تێرمی فوکۆ، گرنگی بەخۆدان، کە بەو واتایە خود ڕەخنەییانە دەژی؛ ئەمە سادە نییە. ڕەخەییانە ژیان لەولای ئەوەوەیە خود تەنیا ڕەخنەییانە بیر بکاتەوە. بیرکردنەوە کاتێك بەهایەکی ئەخلاقی هەیە کە لەنێو ژیانی ڕەخنەییی مرۆڤدا مومارەسە بکرێت. جەوهەری ژیانی ڕەخنەییانەش ئەوەیە نە ملکەچی دەسەڵات بێت و نە دەسەڵاتی ملکەچکردن پراکتیزە بکەیت. لێرەوە ڕەخنە لە واتای قەدەغەکردن، دوورخستنەوە، سەرکوت دادەبڕێت و دەبێت بە ئارەزوو. لێرەدا خۆمان لە شرۆڤەی ناوەڕۆکی وتارەکەی فوکۆ لا دەدەین، چونکە لە

بابەتەکەمان دوورمان دەخاتەوە. خاڵی جەوهەری بۆ ئێمە ئەوەیە لەوە تێبگەین کە ڕەخنەی جددی و بەهادار خودی ڕەخنەیش بۆ بەرزتر پاڵ پێوە دەنێت، فراوانی دەکات، لە ئاسۆ بینراوەکانی تێی دەپەڕێنێت. کاری ڕەخنەگر ئەوە نییە وەك زۆمبی بنیشێتە سەر دەق، ئەوەیە ئیمکانی ڕەخنە بۆ ئەودیوی سنوورەکانی ڕەخنە گەشە پێ بدات، واتە بە *جۆرێکی نوێ* مومارەسەی ڕەخنە بکات کە دەق پێیی شاد بێت (با نووسەری دەقیش پێی شاد نەبێت).

2) ناکرێت ڕەخنە بە ڕەهایی لە پێوانەسازی و نەفییەکی جوزئی هەندێك ڕەگەزی تێکستێك یان سیاقێك خۆی ببوێرێت، بەڵام لەمەدا پێویستە دوو شت لە یەکتری جیا بکاتەوە: نەگۆڕی مێژوویی و ئیعتیباری مێژوویی. بنچینەی ڕەخنە ناکرێت نەگۆڕی مێژوویی بێت؛ ئەمە بە قەولی کانت دەبێتە جۆرێك دۆگماتیزم. بۆ نموونە گەر لە سەدەی نۆزدەدا هەلومەرجێکی دیاریکراو بۆ ڕەخنەیەك هەبووە، هەمان هەلومەرج و هەمان ڕەخنە بۆ هەمیشە بەو جۆرە نامێننەوە؛ ڕەخنە پرۆسەی بەردەوامی ڕەخنەکردنەوەیە نەك پرۆسەی بەردەوامی دووبارەکردنەوەی هەمان ڕەخنە. لەبەر ئەوە لە پرۆسەی ڕەخنەدا ئیعتیباری مێژوویی گرنگە، واتە لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزە گوتارییەکان و وتراوەکان لە پەیوەندیدا بە تۆڕەکان یان ئیپستیمەکانیانەوە. بۆ نموونە تێمای "کار"لە پەندی "کار ئازادکەرە" *ArbeitmachtFrei*ی نازیستەکاندا، هەمان تێمای "کار/ئیش" نییە لای جووتیارێکی کورد، کە بە قەولی قانع "ڕۆژی نەورۆز ئەوەڵ ساڵ، دەکەونە ئیش کوڕوکاڵ... گشت خەریکی فرمانن، بەدەستهێنانی نانن". هەر وا بە هەوانتە ناتوانین جووتیارێکی کورد بە فاشیست تۆمەتبار بکەین، لەبەر ئەوەی زاراوەیەك بەکار دەهێنێت کە لە فەرهەنگی فاشیستەکانیشدا هەبووە. نموویەکی تر: زاراوەی "گەل" لە گوتاری نازیزمدا، هەمان زاراوەی "گەل" نییە لە مقاوەمەی ڤێتنامیدا دژ بە داگیرکاریی ئەمریکی. ڕەخنە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئیعتیباری مێژوویی و ئیپستیمەی چەمکێك یان زاراوەیەك، دەبێتە ڕەخنەیەکی نەدار.

3) تا ئێستای ڕەخنەی ئێمە ویستی تێکدانی زۆرە و ویستی بونیاتنانی کەم؛ بەڵام چیتر ڕەخنە هەر بە سادەیی بۆ بونیادنەر و ڕوخێنەر پۆلێن نابێت. ڕەخنە پرۆسەیەکی هاوکاتی هەردوو پرۆسەکەیە پێکەوە؛ هەڵوەشانەوە و بونیاتنانە *De-con-struction*، تێکدان و پێکهێنانە: تێك-و-پێك-دان. ئەم هەڵوەشاندنەوە دێریداییە لەپێناو ئەوەدا نییە تێکست بخەسێنرێت و بێبەرهەم بکرێت؛ بۆ ئەوە نییە ئاسمانی دەق

بسووتێنرێت؛ بە پێچەوانەوە بۆ دروستکردنی فرەیی و بەرەکەتە لە تێکستدا، بۆ ئەوەیە پیشان بدرێت هەر شتێك هاوکات هیچ و خۆی و چەند شتێکە، کاتێك بۆ ڕەگەزەکانی هەڵی دەوەشێنینەوە ئەوا دەکرێت ڕەگەزەکان بە جۆرێکی تر لێك ببەسترێنەوە، یان لەگەڵ ڕەگەزی دیکەدا کۆ ببنەوە و شتێکی تر پێك بهێنن. بۆ نموونە گەر وشەی "درۆ" وەربگرین: بێگومان لە ڕووی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقییەوە نووسەر نابێت درۆ لەگەڵ خوێنەرەکانیدا بکات؛ دەبێت هێندە گرنگی بە خۆی بدات کە ڕاستگۆ بێت (ڕەخنە وەك فەزیلەت). بەڵام گەر ڕەخنەگر مامەڵە لەگەڵ تێکستدا بکات، ئەوا ڕەخنە بۆ ئەوە نییە درۆی نووسەر دەربخات (سکاندالناسی)، تاوەکوو لە بەهای دەق کەم بکاتەوە (نەرێکردن)، پتر بۆ ئەوەیە پێگە و مانای درۆ لە دەق و لە پەیوەندیدا بە دەرەوەی دەق دەربخات، چونکە درۆ لەگەڵ تۆڕێك زاراوەدا لە پەیوەندیدایە: وەهم، ساختە، فێڵ، خەڵەتاندن، گزی، بەلاڕێدابردن، خەیاڵ، خورافەت، زیانگەیاندن، چاوبەست، هیتر. درۆ هەموویانە و هیچیشیان نییە؛ هەر یەك لەمانەیش لە هەمان تۆڕ و تۆڕی تردان و ئیدی بەم جۆرە تا ناکۆتا فرەیی و ئیمکانی تێك و پێکنان هەن.

4) ڕەخنەی ئەرێکار بەرهەمی فیکری ئەرێکارە؛ وەها فیکرێك بەڵێگۆیی ئاگاییەکی شادە بۆ ڕووداو کە لای وایە پتر بەرهەمی سوتفە، چاوەڕواننەکراوی، هەڵەیە کە فیکری سیستەماتیك دەرفەتیان پێ نادات. ئەوانە هەندێك لۆچن لەسەر سەتحێکی ناونشین کە فیکر تێیاندا دەچێتە سەر هێڵی هەڵهاتن، هەندێك لابەلابوونەوەی ناکاون بیرکردنەوە دەگەیەنن بە دەرەوەی ئاسۆکانی، دەیبەن بەرەو ئەودیوی سنوورەکانی خۆی. لێرەوە فیکری ئەرێکار تەنیا ئایدیایەك یان تێزێك نییە؛ بەڵکوو *جیهانبینی*یە، فۆڕمێکی بیرکردنەوەی بونیادییە بۆ سیاسەت، ئێتیك، ڕەخنە، شیکاری، کە دەکەوێتە بەرانبەر فۆڕمی زاڵی بیرکردنەوەوە بە درێژاییی مێژووی فەلسەفە، کە بیرکردنەوەی نەرێکارە.

5) *فیکری ئەرێکار* ڕێنمایی پۆزەتیڤی بازاڕی یان زانستی گەشەپێدانی مرۆیی نییە کە لە دروشمی "پۆزەتیڤ بیر بکەوە"دا کورت دەکرێتەوە. زانستی گەشەپێدان هەر لە بنەڕەتەوە فیکر نییە، کاڵایە؛ هەندێك تەکینکی خۆ-هێورکردنەوەیە وەك دەلیلی ئاگاییەکی غەمگین کە دەیەوێت بە ئامۆژگاری و خەیاڵات و گەشبینییەکی گێلانە لە خۆی دەربچێت. زانستی مامۆستاکانی NLPیە بۆ پەیکەربەندنکردن، پلانڕێژکردن، پرۆگرامکردنی سایکۆلۆژیای مرۆڤ. فیکری ئەرێکار ئازادیی کردەیە؛ لای وایە

مرۆڤ کە لە بنبەستێکدا بناڵێنێت، غەمگین بێت، ژیان تۆمەتبار بکات، ئەوا یان دەبێت بە نەفیکەرەوەی ئەوانی تر و ژیان، یان دەبێت بە نێچیری مامۆستاکان، قەشەکان، دەروونشیکارەکان بۆ ئەوەی بە ئاسانی گوناهبار و زەلیلی بکەن؛ ئیدی مرۆڤ بەردەوام لای ئەوان سواڵی دانپێدانان، چاکبوونەوە و پاکبوونەوە بکات. فیکری ئەرێکار بڕوای وایە مرۆڤ لێرژانی بەردەوامی ئارەزووە بۆ داهێنان و چالاکی، ئازار تەنیا مایەی بەدبەختی نییە و ئەزموونکردنێکیشە کە دەشێت توانای داهێنەرانەی مرۆڤ بتەقێنێتەوە. نەقس لە ژیاندا نییە، بۆشایی هەیە؛ بۆشاییش فەزای ناکۆتای ڤێرتوێلی کردە و صەیرورەیە. ئەرێکردن خۆی لە نەفیکردنی ئەوانی تر دەپارێزێت، لەوەیش کە ئەوانی تر ئوبێکت بن یان بە دزی بەختەوەری تۆمەتباریان بکات. بەڵام هاوکات بێباکیشە بەرامبەر دەوروبەر و تەنانەت بەرانبەر دوژمنیش، چونکە نایەوێت مشەخۆرێك بێت کە پێگەی خۆی لەسەر بنەمای نەفیکردنەوەی ئەوی تر قاییم بکات. واتە بەگشتی مرۆڤ لە پەیوەندییەکی گرژ و حەساسدا نییە لەگەڵ ئەوانی تردا. دواجار فیکری ئەرێکار چاوەڕێی ئیعتیرافی کۆیلە نییە تاوەکوو ببێت بە ئاغا، چاوەڕێی موجامەلە ناکات تاوەکوو قووڵ بێت، پێویستی بە وەسف و ستایشی دەوروبەر نییە تاوەکوو بەهادار بێت. ئەرێکردن فیکری ڕۆحە گەڕیدە و تەنیاکانە: سپینۆزا، کیرگەگۆر، نیچە، دۆلوز، لێڤیناس، بلانشۆ.

( ٨ )

ڕەخنەی ئەرێکار *affirmative critics* پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەگەڵ تێکستدا دەسازێنێت؛ لە هاوڕێیەتیدا خۆشەویستی، ئولفەت، نزیکایەتی هەیە؛ بەڵام ڕاشکاوی و جیاوازی و مەودایش هەیە. مامەڵەی ڕەخنەگر بە گوێرەی *پۆلی یەکەمی* ئەم زاراوانە وا دەکەن تێکست، کە لەوێدا وەك جیهانێکی داخراو هەیە، خۆی بۆ ڕەخنەگر ئاوەڵا بکات. ئەم خۆئاوەڵاکردنە پتر بەو مانایەیە کە کاتێك ڕەخنەگر بێ پێش بڕیار، وەك دۆستایەتی دەستی بۆ کتێب برد، ئەو ڕەگەزانە لە کتێبدا دەدرەوشێنەوە کە لەگەڵ ئەم هێزە پۆزەتیڤەدا دەتوانن بچنە پەیوەندییەوە. ئەم هاوڕێیەتییە لەگەڵ تێکستدا، پێویستی بە هاوڕێیەتی نییە لەگەڵ نووسەرەکەیدا؛ بە پێچەوانەوە، کە ساتی خوێندنەوەی کتێب دەستی پێ کرد، هاوڕێیەتیی نووسەر هەڵدەپەسێررێت، هەروەها دوژمنایەتییەکەیشی. گەر ڕەخنەگر لەوەدا سەرکەوتوو

بێت یەکتر ڕاکێشانێکی دوولایەنە لەنێوان خۆی و تێکستدا دابمەزرێنێت، ئیدی تەنیا هەڵە و کەموکوڕی نابینێت، ئەو ڕەگەزانەیش دەبینێت کە شایەنی ئەرێکردنن، بۆ ئەوەی لەوێوە زیاتر هاوکاریی تێکست بکات بۆ سەرتر هەڵبکشێت. ڕەخنەگر دەق دەخاتە سەما.

*پۆلی دووەمی* زاراوەکانی هاوڕێیەتی، لە پۆلی یەکەم کەمتر گرنگ نییە؛ ڕاشکاوی و جیاوازی و مەودا وا دەکەن ڕەخنەگر جۆرێك هەڵسەنگاندنی هەبێت، هەندێ لایەن فەرامۆش بکات، هەندێ ڕەگەزیش نەفی بکات. بەڵام ئەم نەفییە خۆی بنچینە نییە، ئەوە نییە کە پرۆسەکە دەخاتە جووڵە؛ بەڵکوو بەشێکە لە پرۆسەی ئەرێکردن؛ نەفییەکە لەپێناو ئەرێکردندا، یان وەك دەرەنجامی ئەرێکردن[4]. ئەم نەفییە نەفیی ئەرێیش دەگرێتەوە، ئەو کاتەی ئەرێ بەڵێگۆیی بێت بۆ هێزێکی نەفیکار. لەبەر ئەمەیە کە نیچە دوو جۆر بەڵێ و دوو جۆر نەخێر دیاری دەکات. بەڵێی دروست و قەڵپ، نەخێری دروست و قەڵپ. نەخێری دروست لەپێناو بەڵێی دروستدایە، بەڵێی قەڵپ لەپێناوی نەخێری قەڵپدایە. کەواتە نەفیی بەڵێی قەڵپ نەفییەکی دروستە، بەڵێی نەخێری قەڵپ ئەرێیەکی نادروستە. پاشان: نەفیی نەفیی قەڵپ نەفییەکی دروستە، بەڵێی نەفیی دروست ئەرێیەکی دروستە. ڕەخنەگر کە مەودایەك لە دەق دەپارێزێت، دەتوانێت بەڵێ بۆ بەڵێی دروست بکات و نەفیی نەفیی قەڵپ بکات، دەتوانێت نەفیی بەڵێی قەڵپ بکات و ئەرێی نەفیی دروست بکات؛ لێرەوە ڕەخنەگر نە ئەوەیە یەکێتی لەگەڵ تێکستدا پێك بهێنێت و حلول بکات، نە ئەوەیە لە جیهانی تێکست دابڕێت و ئامانجێکی تری لە دەرەوە بەسەردا بسەپێنێت؛ لەبریی ئەمە ڕەخنەگر تێکست دەخاتە جیاوازییەوە لەگەڵ *دەرەوەی* خۆیدا. دەبێت تێکست بۆ دەرەوە بانگ بکرێت؛ بچێتە پەیوەندییەوە لەگەڵ دەرەوەدا، بەبێ ئەوەی خۆیشی بەجێ بهێڵێت (Blanchot, the Infiniti Conservation, P. 168). دەرەوە کوێیە؟ با بلانشۆ وەڵام بداتەوە: «دەرەکێتی *Exteriority* هەمیشە بوونی خودە لە دەرەوە. دەرەوە پێکەوە پەیوەستی نییە، چەقی ئاوێتەبوون نییە، لەبریی ئەوە پەیوەندی لەسەر بنەمای دابڕانێك کە ناهێڵێت[لایەنەکان] تێهەڵکێشی یەکتری بن یان یەکبگرن، دادەمەزرێنێت. جیاوازی یەدەگی دەرەوەیە؛ دەرەوە پێشانگای جیاوازییە؛ جیاوازی

---

[4] بێگومان ئێمەیش لەم وتارەدا خۆمان لە نەفیکردن نەبواردووە، بەڵام ئەم نەفییە بنچینە نییە؛ نەفی ئەو شتەیە کە دژ بە ئەرێیە، بەم واتایە نەفییەکی ئەرێیانەیە.

و دەرەوە بەیەکگەیشتن-جوداییەکی بنەڕەتی دیاری دەکەن» (Ibid., P. 161).
دەرەوە جیهانە، ناکۆتا ئیمکان. پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە جومگەی بەیەکگەیشتنی جودایی و جودایی بەیەکگەیشتنە؛ واتە هاوجودایەتی [إنفصال]، کە هەم بەیەکگەیشتنە و هەم جودایی لە جیهان. ئەمە بەو واتایەیە ڕەخنەگر لێناگەڕێت دەق لەنێو خۆیدا، بە هەمان پێکهاتە و فۆڕمی خۆی، بمێنێتەوە؛ ڕەخنەی ئەرێکار دەق دەوڵەمەند دەکات، بەردەوام ئایدیاکانی، تێزەکانی، ستایلی، زمانی، تووشی لادان دەکات و لەگەڵ ئایدیای دوورتر و چەمکی دەرەکیدا بەیەکیان دەگەیەنێت. ڕەخنەگر لەو با نەخوزاراوە دەچێت کە کەشتییەکەی کۆلۆمبسی بەرەو ئەمریکا سەرگەردان کرد. کۆلۆمبس بۆ هیندستان دەچوو، بەڵام ونکردنی ئاراستە و بای هەڵە بەرەو کیشوەرێکی نوێ بردیان؛ ئەم دەستتێکەڵکردنەی چارۆکە و بای ڕۆژهەڵات کەشتییەکەی ئەویان لەدەستی خۆی دەرهێنا، لە حوکمی نەخشە دەریاوانییەکەی ڕزگاریان کرد و ئەوەیان پێبەخشی کە خۆی بە خەیاڵیدا نەهاتبوو. ڕەخنەگر بۆ تێکست بەم جۆرەیە؛ تێکست لە نووسەر دەسەنێت، بەڵام بۆ ئەوەی پێی بڵێت گەنجینەی زۆر هەن تۆ لێیان غافڵ بوویت، بەڵام دەقەکەت بە سایەی ڕەخنەوە دەتوانێت لەمسیان بکان؛ گەلێك کیشوەری نەزانراوی تر لەوبەری دەریا هەن کە لەو کیشوەرە جیاوازن وا تۆ بۆی چوویت، من تێکستەکەت بەرەو ئەوێ دەبەم. ئەمە هاوکات ڕاشکاوییە بەرامبەر نووسەر، وتنی هەموو شتێك بێ شاردنەوەی هیچ بەشێك، بێ موجامەلە، بێ ڕیایی و ڕووپامایی؛ واتە *پارێزیا*، هەمان بوێری بۆ وتنی حەقیقەت. ئەم بوێرییە پێش هەموو شتێك بەرامبەر *دەسەڵاتی نووسەرە* وەك پادشای مەملکەتی خۆی؛ وەك مەرجەعی موتڵەق، وەك خالقی تێکست. دووەم بەرامبەر *دەسەڵاتی موفەسیرە* وەك پەیامبەری نووسەر، کە دەرەوە دادەخات و هەموو شتێك دەخاتەوە نێو دەق، هەر بە زەڕەبینەوە خەریکی کەشفی پشتی دێڕ و جیهانی ژێرەوەی تێکستە بۆ ئەوەی بە نائاگایی و گرێ سێکسییەکانی نووسەر بگات. مومارەسەی **ڕەخنە وەك ڕاشکاوی**، یان بە تێرمی فوکۆ وەك *پارێزیا*، جۆرێك ڕیسکە بەرامبەر دەسەڵاتی حاکمانی دەق [دانەر/موفەسیر] تاوەکوو خودی دەق بەرەو دەرێ ئازاد بکات، هەر لەبەر ئەمە جۆرێك زبری و توندوتیژییشە بەرامبەریان. بەم مانایە زبریی ڕەخنەگری ئەرێکار دەچێتە ئەودیوی زمانی لووسی ستایشکاران و زمانی زبریی نەفیکارانەوە. ئەم زبرییەی ئەرێکردن بۆ دەق ئازادکەر و نەشئەبەخشە.

وەها ڕیسکێك ئەو کاتە گەورەتر دەبێت کە بزانین *پەیوەندییەکانی مانا*ش هەر وەك پەیوەندییەکانی دەسەڵات پڕن لە ململانێ و مەترسی؛ لەم بارەدا دەشێت پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە وەك ئینفیساڵ، ببێت بە پچڕان، دەق لە خۆی دابپڕێنرێت و مانایەك هەر بە زۆرداری بە سەریدا بسەپێنرێت. بە بڕوای نیچە تەفسیر چیتر دۆزینەوەی مانای شاراوەی پشتی/نێو دەق نییە، بەڵکوو *سەپاندنی مانا*یە بەسەریدا، شتێك کە نازیزم لەگەڵ نیچە خۆیدا کردیان. بەڵام وەك بلانشۆ ڕوونی کردووەتەوە، فیکری نیچە فیکری ئینفیساڵە، واتە گەر مانای سەپێنراو لەگەڵ ناوەوەدا یەکتر ڕانەکێشن و دەق پێی شاد نەبێت، ئەوا مانا تەنیا لە بەهای تێکدان و خاپوورکردندا، واتە لەو قۆناغەدا کە نیچە بە صەیرورەی شێر ناوی دەبات، دەوەستێت. زەردەشت بارگۆڕانەکانی ڕۆح بەم جۆرە دیاری دەکات: لە عەقڵەوە بۆ وشتر، لە وشترەوە بۆ شێر، لە شێرەوە بۆ منداڵ (نیتشە: هکذا تکلم زرادشت، ص 61). بەڵام ڕوونە کە ئامانجی نیچە داهێنانی بەهای نوێیە؛ واتە دوا بارگۆڕانی ڕۆح، کە صەیرورەی منداڵە. نازیزم صەیرورەیەکی پێچەوانەی هەبوو؛ لە بوونبە-شێردا لەبریی ئەوەی ڕۆح بگەیەنێتە قۆناغی بوونبە-منداڵ تاوەکوو بەهای نوێ دابهێنێت، بەها کۆنەکان یان صەیرورەی وشتری سەپاندەوە، تەنانەت بەسەر تێکستی نیچەیشدا. تێکست بەردەوام بە سایەی ڕەخنەگرەوە، کە تەفسیر دەگۆڕێت بۆ هێرمینۆتیك، لە مەترسییەکی لەم جۆرەدایە؛ ڕەخنەگری ئەرێکار ڕیسکی ئەوە دەکات بە ڕاشکاوی بدوێت تەنانەت ئەگەر لەگەڵ نووسەر و موفەسیری دەروونشیکاریشدا بکەوێتە ململانێوە تاوەکوو دەق لەگەڵ مانای نوێدا، لەگەڵ دەرەوەدا، لەگەڵ ئەوی تردا بخاتە پەیوەندییەوە. ئەم دەرەوەیە کە لای بلانشۆ جیاوازییە (هەروەك ئەمریکاکەی کۆڵۆمبس کیشوەرێکی جیاوازە)، مانای **"هێشتا نەبوو"**ە. ئەمریکا بەر لە کۆڵۆمبس هەبوو، بەڵام هەتا ساتی دۆزینەوەی کۆڵۆمبس نەبووبوو بە کیشوەرێك لەسەر نەخشەی جیهان، نەزانراو و کەشف نەکراو مابوویەوە. ئەم نەزانراوییە ئەشکەوتی شاراوەی ئاسیا و ئەوروپا نەبوو (پشتی دەق)، بەڵکوو دوورەدەستتر، لە دەرەوەیان بوو؛ زەمینێك کە *هێشتا نەببوو* بە کیشوەر. با کەشتییەکەی بەرەو ئەم *هێشتا نەبووە* پاڵ پێوە نا.

بەم جۆرە ڕەخنەی ئەرێکار هەر بە ئاسانی بەڵێگۆیی نییە بۆ ئەوەی کە هەیە (واقیع)؛ هەروەها نەفییەك نییە لەپێناو دەرکەوتنی ئەوەی کە نییە (یۆتۆپیا)، بەڵکوو بەڵێگۆییە

بۆ ئەوەی کە *هێشتا نەبووە* و لە ڕێگەی کرداری ڕەخنەوە ئەم *هێشتا نەبووە* دەهێنێتە بوون، ئەم ڤێرچواڵە دەکات بە ئەکچواڵ. کەواتە، گەر ڕەخنەگرێکی مێژوویی ئەرێکار دووبارە مێژووی کۆلۆمبس بنووسێتەوە، لەبری سەرکوتکردنی هەڵە و سەهوو، دەڵێت: "بەڵێ بۆ سوتفە، بەڵێ بۆ لادان، بەڵێ بۆ بێئاراستەیی" کە بوونە مایەی کەشفبوونی کیشوەری نوێ... نەخێر بۆ نەخشەی پێشوەخت، نەخێر بۆ پێوەر و پێوانە، نەخێر بۆ حوکم کە دەبوونە هۆی ئەوەی کۆلۆمبس هەر بگاتەوە بە هیندستانە زانراوەکە بێ ئەوەی هیچی نوێ ڕوو بدات. کەواتە دیسان دووپاتی دەکەینەوە: ئەم ڕەخنەیە نە ئەوەیە کە هەیە (بەڵێکردنێکی فەندەمێنتاڵانەی دۆخی باو)؛ نە ئەوەیشە کە نییە و دەبێت ببێت (بەڵێکردنی وەهمێکی مەحاڵ، یۆتۆپیایەك). ڕەخنەیەکە لە دەرەوەی ئەم دووانە؛ پتر بەڵێکردنی ئەوەیە کە هێشتا نییە بۆ ئەوەی ببێت. بەرهەمی ڕەخنەگر زەمینەی بوونبە ئەکچواڵی ئەم هێشتا نەبووەی نووسەرە. کەواتە ڕێگایەکی نوێیە بۆ دەرچوون لە دووالیزمی بێزەنتیی هێشتنەوە-نەفی، فەندەمێنتاڵ-ئاڤانگارد؛ لەبەر ئەمە لە هەر ڕەخنەیەکی تەقلیدی و باو و دووبارە لەپێشترە.

سەرچاوەکان:

- G. W. F. Hegel, Phenomenology of Spirit, Translated by A. V. Miller, Analysis of the Text and Foreword by J. N. Findlay, Oxford University Press, Oxford, New York, Toronto..., 1977.
- Immanuel Kant: Beantwortung der Frage: Was ist Aufklärung?, Vorabversion der 1. Auflage vom 16. Juni 2015. http://www.alsatia.de/publikationen/Immanuel_Kant_Was_ist_Aufklaerung.pdf

- Judith Butler: What is Critique? An Essay on Foucault’s Virtue, Transversal Texts, 05. 2001. https://transversal.at/transversal/0806/butler/en
- Michel Foucault: Ethics- Subjectivity and Truth, Edited by: Paul Rabinow, Translated by: Robert Hurley and Others, 'Essential Works of Foucault', Vol. I, The New Press, New York, 1997.
- Michel Foucault: The Politics of Truth, Edited by Sylvere Lotringer & Lysa Hochroth, Semiotext(e), New York,1997.
- Maurice Blanchot:The Infinite Conversation, Translation and Foreword by Susan Hanson, Theory and History of Literature, Volume 82, University of Minnesota Press, Minneapolis and London, Fourth Printing 2003.
- فريدريش نيتشه: هكذا تكلم زرادشت- كتاب للجميع و لغير أحد، ترجمة: علي مصباح، منشورات الجمل، الطبعة الأولى، كولونيا (ألمانيا)-بغداد، 2007.
- جيل دلوز: المعرفة و السلطة، مدخل لقراءة فوكو، ترجمة: سالم يفوت، المركز الثقافي العربي، الطبعة الأولى، بيروت، 1987.